# بۆچی ئێران لە بەدەسەڵات گەیشتنی دووبارەی تاڵیبان خۆشحاڵە؟

13-09-2021

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

کاردۆ بینەر|

لە هەفتەکانی رابردوودا بەرپرسانی حکومی و هەندێ میدیای فەرمیی وەک رۆژنامەی کەیهان و گوتاربێژانی وەك عەلیئەکبەر رائیفیپوور، بەڕوونی داکۆکییان لە بە دەسەڵات گەیشتنەوەی تاڵیبان کردووە. هەرچەند رایەکی دیکەش هەیە کە پێیوایە گەڕانەوەی تالیبان لە دوورمەودا بە قازانجی ئێران ناشکێتەوە. ئێران لە گەڵ ئەفغانستاندا ٩٣٦ کیلوومەتر سنووری هاوبەشی هەیە و هەنووکە بۆ جارێکی دی تالیبان بووەتە دراوسێی رۆژهەڵاتی ئێران. لەم گوتارەدا، تەنیا لەو پرسیارە دەکۆڵینەوە؛ لەبەرچی کۆماری ئیسلامی ئێران لەو گۆڕانکاریانەی کە بوونەتە هۆی بە دەسەڵات گەیشتنەوەی تاڵیبان خۆشحاڵە؟ بێگومان باسی مەترسییەکانی تالیبان بۆ ئێرانیش مژاری بابەتیکی دیکەیە.

پێشینەی ئیسلامخوازی لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا

لە دەیەی یەکەمی سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیدا (١٩٧٩-١٩٨٩)، ئێران بە دروشمی " نە رۆژهەڵاتی و نە رۆژئاوایی" و پەرەسەندنی ئیسلام، سیاسەتی دژایەتی بەرامبەر زۆرەملێ (ئیستکبار) و هەوڵدان بۆ هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ وڵاتانی ناوچە و یەکگرتووی جیهانی ئیسلامی پەیرەو کرد. بەڵام پاش مردنی ئایەتوڵڵا خومەینی، وردە وردە سیاسەتی دەرەوەی ئێران زێدەتر بەرەوە ویستی شیعەتەوەرانە، هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی پێگەی هاوپەیمانە شیعەکانی لە ناوچەکەدا، بەرزکردنەوەی حەشیمەتی شیعی و... تاد گۆڕدرا. کۆی هەوڵە ناوچەییەکانی ئێران لە پێناوی پەرەدان بە شیعەخوازی و بەربەرەکانێ لە گەڵ ئیسلامی سوننە بە ئاراستەیەکدا رۆیشت کە مەلیک عەبدوڵڵا پاشای ئوردن، ساڵی ٢٠٠٤ ئێرانی بە تۆمەتی هەوڵدان بۆ دروستکردنی کەوانی شیعی لە جوگرافیای کەنداو، ئێران، عێراق، سووریا و لوبنان تۆمەتبار کرد. ئێران کە ساڵی ١٩٨٢ رێکخراوی حیزبوڵڵای لوبنانی دامەزراندبوو و پشتیوانیی بەردەوامی لێکردووە، بە سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی و ناسەقامگیربوونی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی عەرەبی و دواتریش دەرکەوتنی داعش، مودێلی دامەزراندنی حیزبوڵڵای لە وڵاتانی دیکەی ناوچەکەدا پەیرەو کرد کە لە ئاکامدا، حەشد ئەلوەتەنی (سووریا)، ئەنساروڵڵای (یەمەن)، فاتیمییوونی (ئەفغانستان)، زەینەبییوونی (پاکستان)، بزووتنەوەی ئیسلامیی نیجریا (زکزاکی)، و حەشدی شەعبی عێراق بە داکۆکی و رێکخستنی کۆماری ئیسلامیی ئێران و قاسم سولەیمانی فەرماندەی فەیلەقی قودسی سوپای پاسداران دامەزران.

هەوراز و نشێوەکانی پەیوەندیی کۆماری ئیسلامیی ئێران و تاڵیبان

ساڵی ١٩٩٦ بە پاڵپشتیی پاکستان، سعوودیە و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی، رێکخراوی تاڵیبان توانی دەسەڵاتی ئەفغانستان بگرێتە دەست. تاڵیبان لە مەزارشەریف هێرشی کردە سەر کونسوولگەریی ئێران و ٨ دیپلۆمات و هەواڵنێرێکی ئێرانییان کوشت. ئەم رووداوە بوو بە هۆی دوژمنایەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە گەڵ تاڵیبان، بە شێوازێک کە لە ساڵی ٢٠٠١ و پاش هێرشی ئەمریکا وهاوپەیمانانی بۆ ئەفغانستان، رایان کرۆکەر، دیپلۆماتی دیاری ئەمریکی دەڵێت: کۆماری ئیسلامیی ئێران لە رێگای سولەیمانی راوێژی سەربازیی داوەتە ئەمریکییەکان. لەبەر ئەوەی کە شکستی تاڵیبانی وەک رکابەرێکی ئایدۆلۆژیک و سوننە، لە بەرژەوەندییەکانی خۆی زانیوە و، بەم هۆکارەوە بە شێوەیەکی نافەرمی و شاراوە یارمەتیی ئەمریکای داوە تاوەکوو تاڵیبان بڕووخێنێت.

بە چ هۆیەک ئیستا ئێران لە بە دەسەڵات گەیشتنی تاڵیبان خۆشحاڵە؟

ترس لە ئەمریکا: دوژمنی هاوبەش

ڕۆژی ٢٩ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٢، جۆرج بۆش لە گوتاری بەناوبانگی خۆیدا، ئێران، کوریای باکوور و عێراقی وەک "میحوەری شەرارەت"(گێژەنی شەڕەنگێزی) ناوهێنا. پاش ساڵێک هێرشی کرد بۆ عێراق. ساڵی 2004 جۆرج بۆش بە فەرمی پلانی" رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە"، لە پێناو دیمۆکراتیزەکردن و گۆڕینی نیزامە سیاسییە نادیمۆکراتیەکان لە ناوچەکەدا باسکرد. ئەم مژارە بە تەواوی ئێرانی تووشی دڵەڕاوکێ کرد، لەبەر ئەوەی کە ئەمریکا گەیشتبووە سنوورەکانی رۆژئاوا و رۆژهەڵاتی وڵاتی ئێران. بەو هۆیەوە لەو کاتە بە دواوە، ستراتیژیی ئێران بوو بە پەکخستنی ئەمریکا لە دوو وڵاتی ئەفغانستان و عێراق و بەرزکردنەوەی ناسەقامگیری لەو دوو وڵاتەدا.

ئاریکاری بە پێی رێسای دوورخستنەوەی خراپتر بە خراپ

ئێران و تاڵیبان دوژمن و رکابەری ئایدۆلۆژیکی یەکدی بوون، بەڵام دوژمنێکی بەهێزی هاوبەش بە ناوی ئەمریکا بوو بە هۆی نزیکبوونەوەیان لە یەکدی. کۆماری ئیسلامیی ئێران لە رێسای فیقهیی دوورخستنەوەی خراپتر بە خراپ (قاعدة دفع الافسد بالفاسد) کەڵکی وەر گرت و بە یارمەتیی تاڵیبان و هتد هەوڵی دا کە شەڕێکی ناڕاستەوخۆ بەڵام ئاشکرا لە ئەفغانستان و عێراقدا بەرامبەر

ئەمریکا ڕێکبخات تا هەم پێش بە جێگرتنی زیاتری ئەمریکا لە ناوچەدا بگرێت و، هەم بە پەکخستن و زیاترکردنی تێچووی شەڕ لە ئەفغانستان و عێراقدا، بەربەستێک بۆ تەشەنەکردنی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئێران دروست بکات.

بەرزبونەوەی ئاستی ئاریکاریی لایەنەکان گەیشتە رادەیەک کە بەردەوام هەواڵە نافەرمییەکان باسیان لە پارێزرابوونی سەرکردەکانی تاڵیبان لە تاران دەکرد. ئەم بابەتە تاڕاەیەک چووە پێشەوە کە تاڵیبان بە دەرکردنی بەیاننامەیەکی فەرمی، قاسم سولەیمانی بە موجاهیدی گەورە ناوهێنا و کردەوەکەی ئەمریکای سەرکۆنە کرد!

بارگرژی لە گەڵ دەوڵەتی ئەشرەف غەنی

دۆسییەیەکی دیکەی ئێران لەم ساڵانی دواییدا، پەیوەندیی سیاسیی سارد و تەنانەت پڕ لە ناکۆکی لەگەڵ کابۆل بوو. ئەم رەوتە لە کاتی سەرۆک کۆماریی موحەممەممەد ئەشرەف غەنی زیاتر تەشەنەی کرد. لایەنگرانی بزووتنەوەی سەوزی ئێران و بەرهەڵستکارانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش لە کابۆل دژ بە ئێران خۆپیشاندانیان کرد. هەروەها لە دۆسییەی ئاوی رووباری هیرمەندا، ئەشرەف غەنی سیاسەتێکی نەگۆڕ و توندی بەرامبەر ئێران گرتە پێش. لە لایەنێکی دیکەوە دەسەڵاتی سیاسی ئێران دژبەری دیاری حکومەتە دیمۆکراتەکانە و بەم هۆیەوە سەرکەوتنی دیمۆکراسییەکان لە ناوچەکەدا دژ بە بەرژەوەندییەکانی خۆی و کێشە ناوخۆییەکانی لە گەڵ ئۆپۆزیسیون و نەیارانیدا هەڵدەسەنگێنێت.

**کۆتایی**

وادیارە کۆی ئەو هۆکارانە بوونەتە هۆیەک تا کۆماری ئیسلامیی ئێران لە گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی ئەفغانستاندا نەک تەنیا داکۆکی و یارمەتییەک پێشکێش بە  حکومەتی ئەشرەف غەنی نەکات، بەڵکوو لە تاراند بە ئاشکرا پێشوازی لە تاڵیبان بکات و بە فەرمی ئەم بیرۆکە بڵاو بکاتەوە کە " تاڵیبان بە گوێرەی رابردووی گۆڕاوە" و لە ئاکامدا ئەم رێکخراوە " بزووتنەوەیەکی رەسەنی ناوچە"کەیە کە دژ بە ئەمریکایە و لەو پێناوەدا پتر لە "٤٠ هەزار شەهیدی" داوە!